وەزیری بەرگری تورکیا: بە یەکەمجار دوای چەندین ساڵ ڕەکەوتننامەیەکی ستراتیژی لەگەڵ عێراق واژوو دەکەین

یاشار گولەر، وەزیری بەرگریی تورکیا ڕایگەیاند "ئێنقەرە و بەغداد دوای چەندین ساڵ، بە ئاراستەی واژووکردنی یەکەم ڕەکەوتننامەی ستراتیژی هەنگاو دەنێن".

یاشار گولەر بەرلە ئێنجامدانی کۆبوونەوەی فراکسیۆنی ئاکپارتی لە پەرلەمانی تورکیا لەبارەی سەردانەکەی سەرەکەماری تورکیا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بە عێراق، قسەی بە ڕۆژنامەوانان کرد.

وەزیری بەرگریی تورکیا وتی "ئێپراسیۆنەکانی پێیوەندیدار بە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بەردەوامن، ئێمە پلانەکانمان ئامادە کردووە و بەردەوامین لە کارکردن".

وتیشی "ڕۆژی دووشەممە، سەرەکەمار بەرەو عێراق بەدەکەوت و بە یەکەمجار دوای چەندین ساڵ، ڕەکەوتننامەیەکی ستراتیژی لەگەڵ عێراق واژوو دەکەین".

ڕوونیشیکردەوە "دەستە عێراقییەکانمان، دەستواژێیەکی نزیکیان بەکارهێناوە بە ناوهێنانی پەکەکە بە

تیرۆریست".

یاشار گولەر لە وەڵامی پرسیارێک سەبارەت بەوەی ئایا نیازی دامەزراندنی ناوچەیەکی پارێزراو بە قووڵی 30 کیلۆمەتر لەسەر سنووری تورکیا و عێراق هەیە، وتی "بە کرداری ناوچەی پارێزراو دامەزراوە، بەڵام هەندێک کارهەیە کە پێویستە ئەنجامی بدەین و کار دەکەین بە ئەنجامدانیان".

وەزیری بەرگریی تورکیا راشیگەیاند، ئەو کارانە، پێیوەندیدارن بە پاککردنەوەی ناوچەکانی قەندیل و گارای هەرەمی کوردستان لە ئەندامانی پەکەکە.